ڕۆڵی پەروەردەی ژینگەیی لە هۆشیارکردنی تاک بەرانبەر بە ژینگە (خوێندکارانی قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری کەلار بەنموونە)

بیان عبدالله عزیز [1] ، سنور علی محمود کاکه [2]، ئەژین کریم محمد[3]

[1]بەشی باخچە، کۆلێجی پ. بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان- کەلار، عێراق:Bayan.abdullah@garmian.edu.krd
[2]بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان- کەلار، عێراقSnoor.ali@garmian.edu.krd
[3]بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان- کەلار، عێراق:azhin.kareem@garmian.edu.krd

نووسەری پەیوەندیکار: بیان عبدالله عزیز *

پوختە

ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ڕۆڵی پەروەردەی ژینگەییە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری کەلار و کاریگەری لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری ژینگەیی و دروستکردنی هۆشیاری ژینگەیی لای خوێندکاران، هەروەها دیاریکردنی ئاستی زانیاری ژینگەیی و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی سیستەمی پەروەردەی ژینگەیی لە قوتابخانەکانی شاری کەلار. بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە میتودی (وەسفی شیکاری) بەکار هێنراوە، لە سەرەتا کۆکردنەوەی داتا لە ڕێگەی سەرچاوەی فەرمی و ڕێکخراوەکان و فۆرمی ڕاپرسی ئەنجامدراوە، پاشان دەرخستنی ئەنجامەکان لە شێوەی خشتەی جۆراوجۆر، هەروەها وەرگرتنی داتای شوێنی دیاردەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی بەرنامەکانی (Google pro earth)و دووبارە ڕێکخستن و نیشاندانیان بەشێوەی نەخشە لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریی جوگرافییەکان (GIS)، لەژێر ڕۆشنای ئامانجەکەی، توێژینەوەکە بۆ سێ تەوەری سەرەکی دابەش دەکرێت، تەوەرەی یەکەم، چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەیە کە تێدا باس لە کێشە و گرنگی و ئامانج و مەودا و چەمەکانی توێژینەوەکە دەکرێت، تەوەرەی دووەم تایبەت دەکرێت بە ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و ڕەوتی مێژووی سیستەمی پەروەردەی و ڕۆڵی پەروەردە لە پەرەپێدانی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی لە قوتابخانەکانی شاری کەلار. تەوەرەی سێیەم کاریگەری پەروەردەی ژینگەیی لە قوتابخانەکان لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری و دروستکردنی هۆشیاری ژینگەیی منداڵان و گەنجان لە شاری کەلار. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتووە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام لەوانە کەمی هۆشیاری ژینگەیی لای منداڵان و گەنجانی شارەکە، بۆیە پێشنیارمان کردووە گرنگیدان بە ڕیگا کاریگەرەکانی لە پەروەردەی ژینگەی قوتابخانەکانی شاری کەلاردا بە مەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی منداڵان و گەنجانی ناوچەکە.

کلیلە ووشە: ڕۆڵ، پەروەردەی، پەروەردەی ژینگە، هۆشیارکردن، ژینگە.

پێشەکی

ژینگە ئەو چوارچێوە سروشتی کۆمەڵایەتی و کلتوورییە کە مرۆڤ و زیندەوەرانی تری تێدا دەژی، بۆیە ڕۆڵی ژینگە لە گەشەی کۆمەڵایەتیدا گەلێک گرنگە و سروشت بۆ مرۆڤ جێگەی ژیان و چالاکییەکانی ئەوە. بنەمای مادەی کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر دەوستێتەوە لە ژینگە پێکدێت. مرۆڤ لەسەرەتای بوونییەوە کاریگەری لەسەر ژینگە هەبووە و ژینگەیش کاریگەری لەسەر مرۆڤ بووە، لە سەدەکانی ڕابردوودا بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوان و ساده و ساکاری ئامێر و هۆکارەکانی ژیان، کاریگەرییەکانی مرۆڤ لەسەر ژینگە کەم بووە، بەڵام بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورانەی لەماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەبواری پیشەسازی ڕوویان داوە، وای کردووە کۆمەڵگەی مرۆیی لە سەردەمێکی خێرادا بژی کە شێوازی نوێی لە ژیانکردن هێناوەتە ئاراوە، بەشێوەیەک پێشتر کۆمەڵگەی مرۆیی بە خۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش بووەتە هۆی پیسبوونی ژینگە و تێکچوونی دەرامەتە سروشتییەکان و نزیکبوونەوە لە داڕوخانی سیستمی ئیکۆلۆجی هەسارەی زەوی و مەترسی لەناوبردنی مرۆڤایەتی کە بەرئانجامی کارلێکی هەڵەی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەیەتی، بە تایبەتیش مامەڵەی خراپی مرۆڤە بەرامبەر بە ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی ژینگە.

دوابەدوای دەرکەوتنی مەترسییەکانی مرۆڤ بۆ سەر ژینگە لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ژینگە وای کرد کۆمەڵگەی مرۆی لە ڕێگەی ناوەندە زانستییەکان و ڕێنمای و یاسا و ڕێکخراوە ژینگەییەکانەوە کاربکات بۆ پاراستنی ژینگە و کەمکردنەوەی کێشە و کارەساتە ژینگەییەکاندایە،باشترین ڕێگایش بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بریتیبوو لەوەی کە ژینگە بکاتە بەبەتی پەروەردە و فێرکرن بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە ژینگە و کێشە ژینگەییەکان، ئەمەش بە یەکێك لە بەرەنجامەکانی پەروەردەی ژینگەیی دادەنرێت، کە تاك هەست بە ژینگە و پێکهاتەکانی و

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12595]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

کێشەکانی دەکات و دەبێتە هۆی دروست بوونی بەها و ئاراستە و ڕەفتارە ژینگەییە ئەرێنییەکان.

١- چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

١-١- کێشەی توێژینەوە: پرسی کێشە ژینگەییەکان بوونەتە جێگەی نیگەرانییەکی زۆر لەسەر هەموو ئاستەکان لەنێو ڕێکخراوە و ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ئەو گرفتانەی کە مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر دروست دەکەن. بۆیە زۆر گرنگە گرنگی بە پەروەردە و هۆشیاری ژینگەیی بدرێت. دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان باشترین ژینگەن بۆ چاندنی کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە تاکەکاندا. لە نێو ئەم دامەزراوانەیشدا خوێندنگەکان پێگەیەکی گرنگیان لە پەرەپێدانی ئەو بەهایانەدا هەیە ، بۆ چاندنی خوو و هەڵوێست و ڕەفتاری دروست لە خوێندکاراندا. لەم ڕوانگەییەوە کێشەی توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- پرۆگرامەکانی خوێندنگەکان چۆن بەشدارن لە پەرەپێدانی بەهاکانی پەروەردەی ژینگەیی؟
- دامەزراوەی پەروەردەی چۆن بەشداری لە پەرەپێدانی بەهاکانی پەروەردەی ژینگەیی دەکەن؟

١-٢-گرنگی توێژینەوە: ئیتر نهێنی نییە کە ژینگە بووەتە جێی نیگەرانییەکی گەورە لەسەر ئاستی و ناوخۆ و نێودەوڵەتی. پێدەچێت بەپەلە و پێویست بێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە پارێزگاری کردن و پاراستنی ژینگە دەبێت لە خودی مرۆڤایەتی خۆییەوە دەست پێبکات، چونکە مرۆڤ بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لە زۆربەی ئەو کێشانەی کە ژینگە بە دەستییەوە دەنالێنێت. چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشانەیش کە ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان دەبێتەوە پەیوەستە بەو کردارانەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئەنجامی دەدات و چۆنیەتی کارلێککردنی لەگەڵ سەرچاوەکانی ژینگە. بناغەی ئەمەش پەروەردەکردنی تاکەکانە لە تەمەنی منداڵییەوە بە پەروەردەی ژینگەیی ، کە بنەمایە بۆ کارلێکی دروست لەگەڵ ژینگە و هانیان دەدات بۆ گرتنەبەری ڕەفتاری ژینگەیی گونجاو.

١-٣-ئامانجی توێژینەوە: توێژینەوەکە هەوڵدەدا ئەم ئامانجانە بەدەستبهێنێت:

- ڕەوشی پەروەردەی ژینگەی لە خوێندنگەکانی شاری کەلار.
- دەستنیشانکردنی ڕۆڵی دامەزراوەی پەروەردەیی لە پەرەپێدانی چەمکی پەروەردەی ژینگەیی لە نێو خوێندنگەکانی شاری کەلار.
- ڕۆڵی دەستەی کارگێڕی خوێندنگەکان و مامۆستایان لە پەرەپێدانی پەروەردەی ژینگەیی لای خوێندکار.
- ڕۆڵی پڕۆگرامەکانی خوێندن لە گەیاندنی زانیاری ژینگەی بە خوێندکار.

١-٤-مەودای توێژینەوە:

توێژینەوەکە سنووردار بوو بەم پەڕاوانەی خوارەوە:

بازنەی بابەتی: توێژینەوەکە ڕۆڵی دامەزراوەی پەروەردەیی لە پەرەپێدانی هۆشیاکردنەوەی ڕەفتاری تاک بەرانبەر بەژینگە لە خوێندنگەئامادەییەکانی شاری کەلار دەپێوێت.

سنووری شوێنی: لە ڕووی شوێنەوە سنوری توێژینەوە بریتییە لە سنوری کارگێڕی شارەوانی شاری کەلار بە ڕووبەری (٢١.٢٤)کم٢.

سنووری مرۆیی: توێژینەوەکە نمونەیەک لە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەی لە ناوەندی شاری کەلار لەخۆدەگرێت

کات: توێژینەوەکە لە وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ ئەنجامدراوە.

١-٥-چەمکەکانی توێژینەوە:

ڕۆڵ: ئەو پێگە یان پلە و پایەیە کە تاک دەیگرێت و ئەرک و مافە کۆمەڵایەتییەکانی دیاری دەکات. یان ڕەفتارێکی چاوەڕوان کراوە لەو کەسەی کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت، پێگەی کۆمەڵایەتیش ئەو ئاماژە یان نیشانەیە کە سروشتی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکە دیاری دەکات، ئەمەیش گوزارشت لەوە دەکات کە پیوەندی تۆندوتۆڵ لە نێوان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتیدا هەیە (ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٢٧٤).

پەروەردە: (Dewey) لە پێناسەی پەروەردەدا دەڵێت: (بەشێوەیەکی گشتی پەورەردە کۆمەڵێک پڕۆسەیە کە لە ڕێگایەوە گروپ یان کۆمەڵ، چ بچووک بێت یان گەورە، توانا و مەبەستە بەدەستهاتووەکانی دەگوازێتەوە تا مانەوە و گەشەی بەردەوامی خۆی مسۆگەر بکات) (شارعپور، ٢٠٢٣: ١٦)

پەروەردەی ژینگە: پەروەردەی ژینگەیی پڕۆسەیەکی فێربوونی بەردەوامە بە ئامانجی پەرەپێدانی هۆشیاری ژینگەیی و ڕاهێنانی تاکەکان بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی و پابەندبوون بە بڕیاردانی گونجاو سەبارەت بە ژینگەکەیان و ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژین (سمهان، کریمة،٢٠٢٢: ١١٩).

کۆنگرەی بەلگراد (١٩٧٥) جەختی لەوە کردەوە پەروەردەی ژینگە (بریتیە لەو شێوازەی پەروەردە کە ئامانجی دروستکردنی نەوەیەکی هۆشیار و بایەخدەرە بە ژینگە و ئەو کێشانەی وابستەیەتی،توانا و شارەزای عەقڵی و هەستی پابەندێتی وای هەیە، کە بتوانێت بەشێوەی تاک یان کۆمەڵ چارەسەری کێشە ژینگەییەکان بکات و نەهێڵێت جارێکی تر سەرهەڵبدەنەوە (ڕەبیع، ٢٠١٤: ١٠١).

هۆشیارکردن: کۆنگرەی بەتلیسی (١٩٧٧) پێناسەی هۆشیارکردنی ژینگەیی دەکات بە(پڕۆسەیەکی دووبارە ئاراستەکردن و پێکەوە گرێدانی لقە جیاوازەکانی زانیاری و شارەزای پەروەردەییە، ئەوەی هەستکردن بە تەواوی کێشەکان ئاسان دەکات، هەلیش دەڕەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی کاری عاقڵانە و هاوبەشیکردن لە دووركەوتنەوە لە کێشە ژینگەییەکان و بەرزکردنەوەی جۆری ژینگەکە) (ڕەبیع، ٢٠١٤: ١٠١).

ژینگە: بریتییە لە کۆی هەموو ئەو توخم و دیاردانەی کە دەوروبەری مرۆڤ و زیندەوەرانی دیکەیان داوە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بوون و مانەوەی ژیان لەسەر ڕووی زەوی هەیە. ئەو توخمانەیش بریتین لە: ئاو، هەوا، خاک، کانزاکان، کەشوهەوا، هەروەها خودی زیندەوەرەکان. لە ڕوانگەیەکی پێکهاتەیی تردوە، دەتوانرێت ژینگە وەک کۆمەڵێک سیستەمی پێکهێنەر وەسف بکرێت کە بە شێوەیەکی ئاڵۆز و چڕ بەیەکەوە گرێدراون، تا ئاستێک کە کاریگەری و دەسەڵاتیان هەیە لە دیاریکردنی شێوازی ژیان و مانەوەی مرۆڤ لەم جیهانە سنووردارەدا، مرۆڤ بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڵیاندا کارلێک دەکات (بەقرمان، ٢٠١٨: ٢).


ژینگە بریتییە لە چەند سیستەمێکی سروشتی و کۆمەڵایەتی و کلتوری کە مرۆڤ و زیندەوەران تیایدا دەژین و گوزەرانی ژیانی لێوەردەگرن و چالاکی ڕۆژانەیانی تێدا دەنوێنن (قادر، ٢٠٢٥: ١٣).

٢- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

١-٢- تایبەتمەندی شوێنی ناوچەی توێژینەوە: ژینگەی سروشتی بریتییە لە کۆمەڵێک خەسڵەت و کارتێکەری دەرەکی کە کاریگەری لەسەر مرۆڤ دروست دەکا (الحسن، ١٩٩٩: ١٤٠). کۆمەڵگای مرۆیش لە چوارچێوەی سیستەمێکی ژینگەی سروشتیدا دروستبووە و دەتوانرێت وەك یەکێك لە پێکهاتەکانی ژینگە دابنرێت، کە دواجار ئەم بوونەوەرە هۆشمەند و خاوەن پێداویستیە بە چەندین شێوە لەگەڵ ئەو چوارچێوە سروشتییەی کە تێیدا دەژی دەکەوێتە پەیوەندییەوە (سیمونز، ١٩٩٧:٧١). مەبەست لە ژینگەی سروشتی کە مرۆڤی تێدا دەژی، خەسڵەتە سروشتییەکانی ژینگە دەگرێتەوە وەك دیاردەکانی (کەش و هەوا، بەرزونزمی، جیۆلۆجی، پێکهاتی خاك و ئاو)، لەبەر ڕۆشنای ئەم باسەدا کاریگەری خەسڵەتە سروشتییەکان لە ناوچەی توێژینەوە دەردەکەوێت.

١-١-٢- شوێن و پێگە (Site and Location):- شوێنی جوگرافی یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی جوگرافیای سروشتی، کە بیرجر(Burger) بە دڵی جوگرافیا ناوی دەبات (حمدان، ١٩٧٧: ٢٧٦). بەڕپرسە لە جۆری کەش و ئاووهەوا و ژیانی ڕووەک و ئاژەڵی، هەروەها پەیوەندی بە دابەشبوونی دانیشتووان و ڕەنگ و شێوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و پێشە و خواستەکانی مرۆڤەوە هەیە (عطوي، ٢٠٠١، ٤٤). لەم ڕوانگەیەوە شوێنی شاری کەلار لەڕووی جوگرافییەوە کەوتووەتە ناوچەی نیمچە شاخاوییەوە لە ناوچەی بان و گردەکان لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان لەنێوان بازنەی پانی (٠٨= ٣٦- ٥٣٤ -٢٤= ٣٦- ٥٣٤) پلەی باکوور و هێڵی درێژی (١٥= ١٧- ٥٤٥ -٥٠= ٢١- ٥٤٥) پلەی ڕۆژهەڵات، لەڕووی کارگێڕییەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای کفری لە بەشی ڕۆژئاوا، قەزای خانەقین لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵات، قەزای دەربەندیخان لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵات و هەردوو قەزای قەرەداغ و چەمچەماڵ لە بەشی باکوور، لەسەر ڕووبەرێکی تەخت بنیات نراوە کە بەرزونزمی ڕووی زوییەکەی لەنێوان (٢٠١-٢٨٥)م دایە. بڕوانە نەخشەی (١).

نەخشەی (١) شوێن و پێگەی شاری کەلار بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە:١-کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc (Map GIS 10.8.1.
٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، بەشی (GIS)، نەخشەی بنەڕەتی شاری کەلار، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٦ .
٣- هاشم یاسین، سەردار محمد، هۆشیار محمد، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، چ ١، چاپخانەی تێنوس، ٢٠٠٩ .

بەڵام مەبەست لە پێگە ئاماژەیە بە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی ئەو ناوچەیە یان ئەو ڕووبەرەی کە شاری لەسەر بنیات نراوە، وەک (ڕووی زەوی، بەرزونزمی، جیۆلۆجی، کەش و هەوا، خاک، دەرامەتی ئاو و ڕووەکی سروشتی) ئەم توخمە سروشتیانە ئەو کارە دیاری دەکات کە نیشنگە مرۆییەکان ئەنجامی دەدات (الشواورة، ٢٠١٢: ١٧٠). ناوچەی توێژینەوە پێگەیەکی زۆرگرنگی هەیە، بەهۆی پێکهاتە جیۆلۆجیەکەیەوە کە دەوڵەمەندە بە نەوت، وەک کێڵگەی نەوتی حەسیرە لە باکووری ڕۆژئاوای شارەکە، هەروەها لەبەرئەوەی کەوتووەتە سەر هێڵی سەرەکی ئۆتۆمبیلی (سلێمانی – کەلار –بەعقوبە -بەغداد)، لە لایەکی تریشەوە لە ڕێگەی هێڵی کفرییەوە دەبەستێتەوە بە پارێزگای کەرکوکەوە، لە ڕێگەی خاڵی پەروێزخانەیشەوە کە نزیکەی (٣٥)کم لە ناوەندی شارەکەوە دوورە کەلار دەبەستێتەوە بە شاری قەسری شیرین لە وڵاتی ئێران، لە شاری بەغدادی پایتەختی عێراقیشەوە (١٨٠)کم دوورە، وای کردووە هەڵکەوتەی وەکوو دەرگایەکی بازرگانی بێت لە نێوان

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12595]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

وڵاتانی عێراق و ئێران و هەرێمی کوردستان و ئابووریيەکی گەورە بۆ شارەکە فەراهەم بکات.

نەخشەی (٢) پێگەی شاری کەلار بەگوێرەی ناوچەکانی




دەوروبەری

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەست بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map 10.8.1).

٢-١-٢- بەرزونزمی:- شێوەکانی ڕووی زەوی یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە مرۆڤ ڕۆڵی لە دروستبوونیدا نییە، بەڵکوو بەهۆی جوڵەی تەکتۆنی و چەمانەوە و شکان و قڵیشانی چینەکانی زەوی و کردارەکانی کەشکاری و ڕامااڵین و نیشتەنییەکانەوە دروست بووە، کە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە کۆبوونەوەی دانیشتووان و چۆنییەتی دابەشبوونیان، هەروەها کاریگەری ڕوونی هەیە لەسەر چالاکییەکانیان (الهيتي، محمد، ١٩٨٩: ١٢٦). بەسەرنجدان لە نەخشەی (٣) ڕوون دەبێتەوە شاری کەلار کەوتووەتە نێوان بەرزی (٢٠١ -٢٨٥)م، لە ئاستی ڕووی دەریاوە، لە دەوروبەری قەڵای شێروانە و لێواری ڕووباری سیروان لە ڕۆژهەاڵتی شارەکەوە دەستپێدەکات بە بەرزی (٢٠١)م تا بەرەو باکوور و ڕۆژئاوا هەڵکشێین بەرزتر دەبێتەوە، لە ناوەڕاستی شاردا بەرزی دەگاتە (٢١٥-٢٢٣)م لە هەرە باکووری ڕۆژهەاڵت لە بەرزایەکانی (بەردەسوورە) بەرزی دەگاتە (٢٨٥)م لە ئاستی ڕووی دەریا، بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی توێژینەوە تا ڕادەیەکی زۆر تەختاییە و بەرز و نزمییەکی زۆری تێدانییە، دروست بوونی شار لەسەر ئەم ڕووبەرە تەختە و تەریب بە ڕووباری سیروان یارمەتیدەر بووە بۆ کۆبوونەوەی دانیشتووان و دروستبوونی ئاوەدانی لە ناوچەی توێژینەوە.

نەخشەی (٣) بەرزونزمی شاری کەلار




سەرچاوە: ١-کاری توێژەر بە پشت بەست بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map 10.8.1).
٢-فایلی مۆدێلی بەرزونزمی (Dem 30).

٣-١-٢- کەش و هەوا:- یەکێکیترە لە بنەماکانی جوگرافیای سروشتی، کە کار دەکاتە سەر دابەشبوونی دانیشتووان (السعدي، ١٩٧٦: ٥٦). بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان کەش و هەوا و مرۆڤەوە، کە توانیویەتی بەشێوەیەک ژیانی خۆی لەگەڵ هەلومەرجە کەش و هەوایەکاندا بگونجێنێت و خزمەتی چالاکییەکانی پێ بکات (الحلو، ٢٠٢١: ٥). ئاو و هەوای ناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی سەر بە ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاستە هاوینی گەرم و وشکە و زستانی سارد و بارانی مامناوەندە، ئەو بارانەی لێیدەبارێت وەرزیە و سەربە سیستەمی ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاستە، دەست پێدەکات لە ناوەڕاستی وەرزی پایز بەردوام دەبێت تاکۆتای وەرزی بەهار، بڕی بارانی ساڵانەی لەنێوان (٢٠٠-٤٠٠) ملم دەبێت (خصباک، ١٩٧٣: ١١٠). ئەم بڕەیش جیاوازە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر و گۆڕانکاری بەسەردادێت، چونکە دەکەوێتە ناوچەی بارانی نامسۆگەر، هەروەها تێکڕای پلەکانی گەرمی شاری کەلار دەکەوێتە ئەو ناوچانەی کە ئاو هەوای جیاوازە، بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لە مانگە کانی هاویندا (حوزەیران، تەموز، ئاب)، مانگی تەموز گەرمترین مانگەکانێتی پلەی گەرمی دەگاتە (٣٦) پلەی سەدی, بەاڵم لەوەرزی زستاندا پلەکانی گەرمی نزم دەبێتەوە لە مانگەکانی (کانوونی یەکەم، کانوونی دووەم، شوبات) کە مانگی کانوونی دووەم

سـاردترین مانگەکانیتی پلەی گەرمی دادەبەزێت بۆ(٩.٥) پلەی سەد. (بەپێیەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، ٢٠٢٦). هەروەها ئاراستە و خێرای با لە ناوچەکەدا لە ئەنجامی جیاوازی دەرکەوتنی سەنتەرەکانی پەستان لە دەوروبەری ناوچەکە بە تایبەت لە وەرزی هاوین و زستاندا دەبنە هۆی دروستبوونی ئاراستەی جیاواز لە بایەکان، ئەو بایانەی لە وەرزی زستان هەڵدەکەنە سەر ناوچەکە، بریتین لە بای باکوور و باکووری خۆرئاوا و بای پێچەوانەی خۆرئاواو بای باشووری خۆرهەڵات، بەڵام ئەو بایانەی لە وەرزی هاوین هەڵدەکەنە سەر ناوچەکە بریتین لە بای باشووری خۆرئاوا کە بایەکی وشـکە و هەندێکجار تۆزی لەگەڵدایە، هەروەها بای باکووری خۆرئاوا کە بە (بای شەماڵ) ناسراوە بایەکی فێنکە و بای باشـووری خۆرهەڵات ئەمە جگە لە با خۆجێیانەی ناوچەکە وەک بای (گڕە) کە بایەکی وشـك و گەرمە، هەروەها خێرایی با لە نـاوچـەی لێکۆڵینـەوە بـەپێی مـانـگ و وەرزەکـان جیـاوازە (شاکەلی،٢٠١١: ٤٣-٤٧).

٤-١-٢- سەرچاوە ئاوییەکان:- ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە گەشە و فراوانبوونی ئاوەدانییەکاندا، بە هۆیەوە مرۆڤ لە دەوروبەری سـەرچاوە ئاوییەکان نیشـتەجێبوون، بەتایبەتی لە ناوچە وشـك و نیمچە وشـکەکان، لەبەرئەوەی مرۆڤ و چالاکییەکانی ڕاسـتەوخۆ پـەیوەسـتن بـە دەرامـەتی ئـاوەوە بۆ ژیـانی ڕۆژانـە و چـالاکییـە کشـتوکاڵییەکان و ئاژەڵداری...هتد، بەسـەرنجدان لە نەخشـەی (٤) دەردەکەوێت شـاری کەلار یەکێکە لەو شـارانەی شوێنەکەی لەسـەر ڕووبـاری سـیروان هەڵکەوتووە ئـەم ڕووبـارە ڕۆڵێکی بـەرچـاوی بینیوە لـە دابینکردنی پێداویسـتییەکـانی ڕۆژانـەی دانیشـتووان و چالاکییە کشـتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکانیان و سـەرچاوەی سـەرەکی ئاوی ژێر زەوی ناوچەکە بووە لە ڕابردوو و ئێستادا.

نەخشەی (٤) دەرامەتی ئاوی شاری کەلار



سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەست بە ١-بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map 10.8.1).
٢-فایلی مۆدێلی (Dem 30).

٥-١-٢- خاک:- یەکێکی تر لە بنەما سروشتییەکان چینێکی تەنکە و ڕووی زەوی داپۆشـیوە، تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لە ماددەی کانزای و ئەندامی و ئاو و هەوا (الشـلش،١٩٥٨: ١٣). خاکی ئەم ناوچەیە لەجۆری قاوەیی مەیلە و سـووڕە لە زۆربەی بەشـەکانی خاکدا، چینەکانی ناوەوەی سـوورترە، پێکهاتەی خاکەکەی تێکەڵاوە لە جۆری بەردی خۆلین و بەردی گەچین، بەسـەر سـێ چیندا دابەش دەکرێت کە بریتین لـە (چینی نیشـتوی نوێ، چینی بـەختیـاری سـەروو، چینی بـەختیـاری خواروو) (قـارەمـان، ١٩٩٩: ٨٠). ڕێژەی ئۆرگـانی تێدا گونجـاوە و دەگـاتـە (١-٢٪)، جۆرێکی تری خاك (خاکی نیشـتەنییە) کە لە ئەنجامی کرداری ڕامااڵینی ڕووبـاری سیروان دروستبووە خاکێکی فشـەڵە و توانای هەڵمژینی ئاوی زۆرە و شـۆرەکاتی کەمە و بۆ کشـتوکاڵکردن شـیاوە (خصـباک،١٩٧٣: ١١٠).

٢-٢- ڕەوتی پەروەردەو فێرکردن لە ناوچەی توێژینەوە:

خزمەت گوزارییە فێرکارییەکان بەیەکێک لەو بابەتە گرنگ و زینـدوانە دادەنێـت کەڕۆڵی سـەرەکی هەیە لە دیـاری کردنی ستانداردی ژیان.(عکیلة، ٢٠١٣: ٥٣)، چونکە کاریگەری لەسـەر ڕەفتـار و بیرکردنەوەی تـاکەکـانی کۆمەڵگە هەیە، خوێنـدەواری بنەمای سەرەکی ڕۆشنبیرییە کە مرۆڤ ئامادە دەکات بۆ پەرەپێدانی مەعریفەی خودی و داهێنـانی جۆراوجۆر، هەروەها بە یەکێـک لە توخمە بنەڕەتییەکان دادەنرێت لە پرۆسـەی گەشـەپێدان و بنیاتنانی کـارگێڕی بەتوانـا و بەهێز، چونکە ژینگەی کـار پێویسـتی بە شـارەزایی و لێهاتووی هەیە لە هەموو بوارەکاندا (هوکسـورث، ٢٠١٧: ٤٤٧-٤٥٢).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12595]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

مێژووی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی تۆڕێنەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بە دیاری کراویذ ساڵی ١٩٣١ بە ناوی (کەلاری سەرەتای)بە پێی ژمارە (١) تۆماری گشتی(قید عام)، بە هەوڵی (حەمە بەگی جاف) کە ماڵەکەی خۆی کردووە بە قوتابخانە، یەکەم بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیش (تۆفیق ئەفەندی) بووە، کە تیادا (٣٣) قوتابی دەستیان بە خوێندن کردووە کە (٢٩) کوڕ و (٤) کچ بوون، بەپێی زانیاریيە تۆمارکراوەکانی قوتابخانەکە منداڵان تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندویانە، بۆ خوێندنی پۆلی پێنجەم بۆ قەزای کفری دەنێردران (سلێمان، ٢٠٢١: ١٤٣). ئەمەش دەبێتە یەکەم قوتابخانەی سەرەتای لە ناوچەکەدا بە تاکە خوێندنگەیش دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٧٠ کە فەرمانی بە قەزابوونی کەلاری تێدا دەدرێت.

ئیتر لەو بەرواڕە بەدواوە بەهۆی زیادبوونی پێداویستی کارگێڕی و مرۆییەکانەوە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکەوە لە ساڵی ١٩٧١ دووەم خوێندنگەی شارەکە و یەکەمین خوێندنگەی ناوندی لە شارەکەدا دەکرێتەوە لە گەڕەکی کەلاری کۆن، کە دوو قۆناغی خوێندنی لەخۆ گرتووە، ئەوانیش قۆناغی یەکەمی ناوەندی کە ژمارەی خوێندکارەکانی (٢١) خوێندکار بووە، وە قۆناغی دووەمی ناوەندی کە ژمارەی خوێندکارانی (٨) خوێندکار بووە (احمد، کریم، ٢٠١٩: ٣٤٧). پاشان ئەم قوتابخانەیە پاش ساڵێك لە مەزراندنی لە گەڕەکی کەلاری کۆن دەگوازرێتەی بۆ گەڕەکی فەرمانبەران، ئەمەش دەبێتە بنەڕەتێك بۆ پێشکەوتنی خزمەت گوزاری فێرکاری لە شارەکەدا، لە ساڵی (١٩٨١-١٩٨٢) دووەم خوێندنگەی ئامادەی لە شارەکەدا دەکرێتەوە بە ناوی (الثوره) کە ئامادەی (شەهید ئارام)ی ئێستایە، قۆناغی پێش کەوتنی گەورە لە مێژووی قوتابخانەکانی شاری کەلار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩٧٨ بۆ ١٩٧٩) کە تێیدا بینای کۆمەڵێك خوێندنگەلە شارەکەدا بنیات نرا ئەوانیش خوێندنگەکانی(بەردەسور) کە خوێندنگەی (پێشەنگی) ئێستایە لە گەڕەکی بەردەسور، خوێندنگەی گەرمیان لە گەڕەکی (گۆران)، خوێندنگەی(انتسار)لە گەڕەکی سیروان کە خوێندنگەی (ئەلوەنی)ئێستایە، خوێندنگەی (رسالەخالدە)لە گەڕەکی بنگرد دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ خوێندنگەی (لەیلاقاسم)، وە خوێندنگەی(هۆگر)لە گەڕەکی ڕاپەرین، پاشان قۆناغی دووەم لە مێژووی پێشکەوتنی خوێندنگاکان لە ساڵی(١٩٨٨)دەستپێدەکات لە ژێر ناونیشانی(حملە الوطنیە البنا والمدارس) بانگەوازی بۆ کرا بۆ ئەوەی پارە وەك هاوکاری لە دانیشتوانەوە بۆ کۆبکرێتەوە، لەم قۆناغەشدا چەندین خوێندنگەبنیات نران لەوانەش خوێندنگەی (ئامادەی پیشەی) کەلار و خوێندنگای (بێکەس) و خوێندنگای (ئاشنا)، لە ساڵی(١٩٨٩) یەکەمین خوێندنگای ئامادەی کچان کرایەوە بەناوی ئامادەی (ڕەوشتی کچان)، بەم شێوەیە پێشکەوتنی خوێندنگاکان بەردەوام بوون تا ساڵی(١٩٩١) دروست بوونی حوکمەتی هەرێم قۆناغێکی تری لە فراوان بوونی شار و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان گرنگیدان بە خوێند زیادی کرد، لەم چوار چێوارچێوەیدا لە ساڵی(١٩٩٣), ئامادەی(شەهید بورهان) لە گەڕەکی کەلاری کۆن کرایەوە، دواتر لە ساڵی(١٩٩٩) ئامادەی (حەمرین) لە گەڕەکی شۆڕش کرایەوە (علی، ٢٠٢٦) .

دوای ساڵی(٢٠٠٣) پرۆسەی ئازادی عێراق گەڕانەوەی بەشێکی زۆری کوردانی ڕاگوێزراو بۆ ناوەڕاست و خواروی و تێکچونی ڕەوشی ئەمنی ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق ژمارەیەکی زۆری تری دانیشتوان ڕویان لە شارەکە کرد، بۆیە تەنها لە ماوەی دە ساڵی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا (٥) خوێندنگە لە ناوشاری کەلار کراونەتەوە ئەوانیش خوێندنگەکانی(ئامادەی کوردستانی نوێ، سەردەم، چیای کچان، بەدرخانی کوڕان، أحمد موختاری کوڕان)، لەساڵی (٢٠١١) سیستەم و پرۆگرامی خوێندن بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردەی حوکمەتی هەرێم لە سێ قۆناغی(سەرەتایی-ناوەندی- ئامادەیی) گۆڕا بۆ دوو قۆناغی (بنەڕەتی - ئامادەی)، بەم شێوەیە قۆناغەکانی پێشکەوتنی خوێندنگاکان لە ناوچەی تۆڕێنەوە هەنگاویان ناوە تا ڕۆژگاری ئەمرۆ کە ژمارەی خوێندنگەن (٦٢) خوێندنگەی بنەڕەتی و(١٨) خوێندنگەی ئامادەی پێداویستی پەروەردەی لە شارەکە پردەکەنەوە (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، ٢٠٢٦/٥/١٨).

٣-٢- ڕۆڵی خوێندنگە لە پەرەپێدانی بەهاکانی پەروەردەی ژینگەیی:

دامەزراوە پەروەردەییەکان لە ڕێیەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەدان، چونکە ڕۆڵێکی گەورەیان لە پرۆسەی چاکسازی و پەروەردەدا هەیە. پەروەردە پروسەیەکی گرنگە بۆ مرۆڤ، چونکە تاک هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ڕا دەهێنێت لەسەر ڕێگاکانی ژیان و توانادارى دەکات بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە و بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی، هەروەها ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی لە پێناو دروستکردنی ڕۆڵێکی گونجاو لە ناو کۆمەڵگەدا، گرنگی ئەم پرۆسییە بۆ مرۆڤ پارێزگاریکردنە لە ڕەگەزی مرۆیی و ئاڕاستەکانی و ڕێکخستنی هەستەکان و گەشەپێدانی ئارەزووەکان و گوێزانەوەی کلتورە بۆی لەگەڵ ئەو شێوازە ڕەفتاریانەی کە لای کۆمەڵگە پەسەندە.

ڕەوتی پەروەردە و فێرکردن لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا زیاتر لە ڕێگەی پەیوەندی منداڵ بە کەسوکار و دایک و باوک و خزمەکانیانەوە بووە (وەلەد بەگی، ٢٠٠٩: ١٠٠). کەسانی بچوک و منداڵان لەو کۆمەڵگەنەدا لە ڕێگەی تێکەڵوی ڕاستەخۆ و لاسایکردنەوەی گەورەکانەوە فێری پێداویستیەکانی ژیانبوون بەبێ بوونی پلان و بڕیارێکی پێش وەختە، لە کاتێکدا ئەمڕۆ فێرکردن دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی مۆدێرن و زانستیانەیە، ئەگەر پێشتر خێزانەکان پەروەردەو و فێرکردنی نەوەکانی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆ بووبێت، ئەوا ئەمڕۆ خێزانەکان بەتەواوی لەو کارەدا لە ژێر بار دەرچوون و شارستانییەتی دوو سێ هەزار ساڵە چەند دەزگایەکی بۆ ئەم کارە ئامادەکردووە، کاتێک کە ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە پەرەی سەند و لایەنەکانی بەرەو ئاڵۆزی ڕۆشتن و کۆمەڵگەکان بوونە خاوەنی سەروەتێکی گەورەی کلتوری و ڕۆشنبیری، سەرانی گەروەی ئەو کۆمەڵگەیانە وایان بەباشزانی سستەمێکی دیاری کراو دابنێن بۆ گواستنەوە و لەئەستۆگرتنی نهێنییە ئایینییەکان و دابە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نەوەی لە خۆیان بچوکتر و کەم تەمەن لە ڕێگەی ئامۆژگاریکردن و ڕێنوێنی

کردنەوە، بەم شێوەیە لەم سەرەتا ساکارەوە بۆ ئامانجە دیاریکراوەکان قوتابخانەکان سەریان هەڵدا (ناصر،٢٠١٣: ٣٨).

قوتابخانە لە بنەڕەتدا دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە ئامانجی پەروەردە و پێکهێنانە، هەوڵدەدات پرۆسەکانی گەشەپێدانی پێکەوە پێکبهێنێت، لە تاکەوە دەست پێ دەکات هەتا بگاتە گەشەپێدانی گشتگیری کۆمەڵگە. چونکە لە ئەمڕۆدا بیرکردنە لە گەشەپێدانی هاوچەرخ تەنها سنووردار نییە لە چەمکی گەشەپێدانی لایەنی ئابووری، بەڵکو جەخت لەسەر هەموو ئەو لایەنانە دەکاتەوە کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، لەوانە پەروەردەیی، سیاسی، ژینگەیی و هتد... بۆیە هەر ڕوانگەیەک لە ئەم دامەزراوەیە دەبێت لە ناو چوارچێوەی ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیرەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت (العماری، ٢٠١٥: ٥٠).

ئاراستە نوێیەکان لە پەروەردەدا گەشەیان کردووە ئامانجیان بەستنەوەی خوێندنگەیە بە ژینگەی دەوروبەر و بەستنەوەی ژینگەیە بە خوێندنگەوە. هەروەها کارکردن بۆ جێگیرکردنی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنگە و زانکۆکاندا، بە مەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەک بە بیرکردنەوەیەکی نوێ کە مانای ڕۆشنبیری ژینگەیی بزانن و کار بۆ جێبەجێکردنی بکەن، ئەویش لە ڕێگەی چالاکییە ژینگەییەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن و بەکارهێنانی سەرجەم هۆکارە فێرکارییەکان کە دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە نێوان خوێندکاراندا، چونکە لە مەسەلەی ڕۆشبیری و هۆشیاری ژینگەیدا، لە پلەی یەکەمدا ڕۆڵی تۆڕی خوێندەوار و چۆنیەتی پەرەپێدانی کارامەییەکان لەم لایەنەوە دێنە پێش.

هۆشیاری ژینگەیی و بەشداریکردن لە پاراستنیدا یەکێکە لەو بابەتە حاشاهەڵنەگرانەی کە زۆربەی کۆمەڵگەکان، بەتایبەتی کۆمەڵگە شارستانییەکان، زۆر پێداگری لەسەر دەکەن. چونکە تا سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی بەرزی بەرپرسیارێتیدا بێت بۆ پلاندارشتنی سەرکەوتوو و بەشدارپێکردنی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی هۆشیارانە و بەشداریی ئەرێنی لە پاراستنی ژینگەدا، ئەوا ئاستی هۆشیاریی ژینگەییش بەردەوامتر و کاریگەرتر دەبێت و زیاتر نوێ دەبێتەوە بەپێی پێدراوە تەکنەلۆژییە بەردەوامەکان. واتە بەشداریکردن لە ئاستی کۆمەڵگەی ناوخۆییەوە دەست پێدەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کۆسپێک یان بەشداریکردن لە چارەسەر کردنی هەر کێشەیەکی ژینگەیی، تاوەکو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەست بە پابەندبوون بە ژینگەکەیان بکەن و چەمکی هۆشیاری ژینگەیی قوڵتر بکەنەوە لە ڕێگەی ڕێگەندان بەو ڕەفتارانەی کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن (جاسم،٢٠٢٢: ١٠٧٩).

٤-٢- قۆناغەکانی گەشەسەندنی پەروەردەی ژینگەی:

پەروەردەی ژینگەیی زانستی نوێ نییە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، هەروەک چۆن کێشە ژینگەییەکان نوێ نین، بە گوێرەی سەرچاوەکان سەرهەڵدانی پەروەردەی ژینگەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 19 لە ڕێگەی گرێدانی پەروەدە بە ژینگەی سروشتییەوە (صالح، ٢٠١٩: ٥١)، بەڵام لەم دواییانەدا گرنگییەکی زیاتری بەدەستهێناوە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی هۆشیاری لە کێشە گەورەکانی ژینگە وەکو (کێشەی دانیشتووان، وزە، خۆراک، پیسبوون، کەمبوونەوەی سەرچاوەکان ... و هتد)، ئەگەرچی لەڕابردوودا چەمکی ژینگە تەنیا لە لایەنە سروشتییەکانیدا کورت کرایەوە، ئەمەش بەس نییە، بەڵکو گرنگی ئەو ڕۆڵەی کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بیگێڕن لە تێگەیشتنی نێوان ژینگە و مرۆڤایەتی و باشترکردن و بەرەودان بەهۆشیاری ڕەخنە گرانە لەهۆکارە ئابووری و تەکنەلۆجی و کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئاکارە شاراوەکان، کە ڕەگ وڕیشەی کێشە ژینگەییەکانن، هەروەها گەشەپێدان بە بەها ئاکارییەکان کە هۆکاری باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەیەتی.

(جۆن کیرک،١٩٨٥) ئەو قۆناغە مێژوویییانەی کە پەروەردەی ژینگەیی تیاندا سەریهەڵداوە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی بەئاگاهێنانەوەی هۆشیاری (١٨٦٠-١٨٩٠) یەکەم قۆناغە لە ڕێگەیەوە گەورە نووسەران هەوڵیانداوە مرۆڤەکان بەئاگابهێننەوە، کە مرۆڤ تاکە بوونەوەری ناوازە نییە بەسەر هەموو ئەو توخمانەی کە سیستەمی بوونەوەرە زیندوو و نازیندووەکانی گەردوون پێکدەهێنن، بەڵکو ئەویش بەشێکی دانەبڕاوە لەو سیستەمە.

قۆناغی دووەم: قۆناغی پاراستن (١٨٩٠-١٩١٠) ئەو قۆناغەیە کە تیایدا چەندین نووسەر پەرەیان بە بیرۆکەی پێویستیی پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکاندا، وە لیژنەی نیشتمانی پاراستنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزرا، هەروەها بەهای دارستانەکان چیتر تەنها لە بەرهەمەکانیاندا کورت نەدەبووەوە، بەڵکو وەک شوێنێک بۆ پشوودان و حەسانەوە و پێگەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان سەیر دەکران.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی پەروەردەکردن (١٩٣٧- ١٩٥٠) ئەو قۆناغەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پاراستن دامەزرا ، کە ئەمەش دەرفەتی بە زۆرێک لە گەنجان بەخشی بۆ درکپێکردنی بەهای ژینگەیی دەوروبەر و بەهای جۆرە زیندووەکانی ناوی. (الخفاف،٢٠١٣:٧٣-٧٥) ، لە دوای ئەم قۆناغەیش دەکرێت قۆناغە مێژوویییەکانی پەروەردەی ژینگەیی بۆ دوو ئاست دابەش بکرێن کە بریتین لە:

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12595]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

یەکەم- ئاستی جیهانی: کە ئەم قۆناغانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

- کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگەی مرۆڤ لە ستۆکهۆڵم (١٩٧٢).
- پەیماننامەی بەلگراد (١٩٧٥).
- کۆنگرەی پەروەردەی نێوان حکومەتەکان لە تبلیسی (١٩٧٧).
- کۆنگرەی مۆسکۆ لە ساڵی (١٩٨٧).
- کۆنگرەی ڕیۆدی جانیرۆ (١٩٩٢).
- لوتکەی زەوی(٢٠٠٢) لە جۆهانسبێرگ (سمهان، کریمة، ٢٠٢٢: ١٢١-١٢٢).

دووەم- ئاستی عەرەبی ،کە پێکهاتووە لەم قۆناغانە:

- کۆنگرەی خەرتووم (١٩٧٢).
- کۆڕی پیسبوون (١٩٧٢).
- کۆنگرەی کویت (١٩٧٦).
- کۆنگرەی کۆمەڵەی میسری بۆ پزیشک و یاسا (١٩٨٧).
- کۆنگرەی یاسادانانی ژینگە بۆ پاراستنی ژینگە لە قاهیرە (١٩٧٩).
- کۆڕی پەروەردەی ژینگەی خوێندنی باڵای وڵاتانی عەرەبی لە دیمەشق (١٩٨٩).
- یەکەمین کۆنگرەی وەزاری لە تونس (١٩٨٧) (الخفاف،٢٠١٣:٧٣-٧٥).

٥-٢- ئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەی:

هۆشیاری :- بریتییە لە هاوکاری تاك و کۆمەڵگا بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاری لەسەر بابەتە ژینگەییەکان و ئەو کێشانەی پەیوەستن پێیەوە.

زانین :- هاوکاری تاکەکان دەکات بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنی بنەڕەتی لە ژینگە و کێشەکانی و ڕۆڵی مرۆڤ لە جارەسەرکردنیان.
لێهاتوویی:- یارمەتی تاک و گروپەکان دەدات بۆ بەدەستهێنانی کارامەی و لێهاتووی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە (أسماء،٢٠١٦/٢٠١٥: ١٧٣).
بەهاو ئاڕاستە :- پەروەردەی ژینگەی یارمەتی تاك و کۆمەڵەکان دەدات کە هەندێ لە بەها بەدەست بهێنن کە ئاڕاستە کۆمەڵایەتییە باشەکان بگرن و پشتیوانی لە هەنگاوەکانی پارێزگاری لە ژینگە بکەن و بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشەکان .
بەشداریکردن :- ئەم پرۆسەیە هاوکاری تاکەکان دەکات بۆ ئەوەی پاڵنەری تێدا دروست بێت بۆ بەشداریکردنی کارا لەسەر هەموو ئاستەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان .
هەڵسەنگاندن :- پرۆسەی پەروەردەی ژینگەیی هاوکاری تاکەکان دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامە و کارەکان و کاریگەرییان بۆ سەر ژینگە و هەروەها فاکتەرەکانی ژینگەی گونجاو دەستنیشان دەکات.

جۆری پەیوەندی :- لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە تاکەکان دەتوانن فێری ئەوە بن کە چ جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ ژینگەکەیاندا دروست بکەن ، بەپێی ئەو مامەڵەیەی کە دەیکەن ، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن هیچ زیانێکیان نەبێت بۆ ژینگەی سروشتی (فتاح،٢٠١٩: ١٤٣-١٤٤) .

٦-٢- بنەماکانی پەروەردەی ژینگەی:

کۆنگرەی تبلیسی کە لە ساڵی ١٩٧٧ لە پایتەختی جۆرجیا لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بەڕێوەچوو، لە ڕێگەی جارنامەکەیەوە بنەما سەرەکییەکانی پەروەردەی ژینگەیی بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کرد:
١-ژینگە بە هەموو ڕەهەندە سروشتی، تەکنەلۆژی، ئابووری، سیاسی، کولتووری، مێژوویی، ئەخلاقییەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.
٢-پێویستە پەروەردەی ژینگەیی پرۆسەیەکی بەردەوام و درێژخایەن (بۆ تەواوی تەمەن) بێت، لە ناوەوە و دەرەوەی سیستەمی پەروەردەی فەرمیدا.
٣-پەروەردەی ژینگەیی تەنها لە یەک لقی زانستەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو سوود لە ناوەڕۆکی هەر زانستێک وەردەگرێت بۆ پێکهێنانی تێڕوانینێکی گشتگیر و هاوسەنگ.
٤-پەروەردەی ژینگەیی جەخت لەسەر گرنگیی هاریکاریی ناوخۆیی، نیشتمانی و نێودەوڵەتی دەکاتەوە لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان.
٥-فێرکردنی پەروەردەی ژینگەیی بۆ فێرخوازان لە هەموو تەمەنەکاندا، بۆ کارلێککردن لەگەڵ ژینگە، زانین دەربارەی و چارەسەرکردنی کێشەکانی، بە گرنگیدان بە ژینگەی فێربوون لە ساڵانی سەرەتاییدا.
٦-پەروەردەی ژینگەیی توانای ئەوە بە فێرخوازان دەبەخشێت کە ڕۆڵیان هەبێت لە دارشتنی ئەزموونە فێرکارییەکانیان، هەروەها دەرفەتیان پێدەدات بۆ بڕیاردان و قبوڵکردنی دەرئەنجامەکانیان.
٧-یارمەتیدەرە لە دۆزینەوەی کێشە ژینگەییەکان و هۆکارە ڕاستەقینەکانیان.
٨-جەخت لەسەر بیرکردنەوەی ورد و ڕەخنەگرانە و کارامەیی دەکاتەوە لە چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی ژینگەدا.
٩-پەروەردەی ژینگەیی چەندین ژینگەی فێرکاریی جیاواز و ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبازەکانی وانەوتنەوە بەکاردەهێنێت بۆ ناسین و فێرکردنی ژینگە، بە گرنگیدان بە چالاکییە کردارییەکان و تێڕوانینی ڕاستەوخۆ.
١٠-پێویستە سەرجەم پڕۆگرامەکانی خوێندن و ئەو چالاکییانەی کە قوتابخانە سەرپەرشتییان دەکات، بەشداربن لە لەخۆگرتنی پەروەردەی ژینگەیی بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، بەشێکیان

زانیاری و چەمک و ڕاستییە زانستییەکان بە قوتابیان ببەخشن، و بەشێکی دیکەشیان بەها و ئاراستە و تێگەیشتنەکان بەرامبەر بە ژینگە پێکبهێنن (خنفر،٢٠١٦: ٦١).

٣-ڕێکاری توێژینەوە:

١-٣- میتۆدی توێژینەوە: میتۆد ئامازەییە بە کۆمەڵە یاسایەکی گشتی کە توێژەر پشتی پێدەبەستێت بۆ ڕێکخستنی بیروبۆچونەکانی لە بارەی بابەتی توێژینەوەکەی، یاخود بریتییە لەو ڕێکارەی توێژەر بەکاریدەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە تیۆری و مەیدانییەکانی بابەتی توێژینەوەکەی، سروشتی توێژینەوە ڕۆڵی باڵای هەیە لە دیاریکردنی ئەو میتۆدانەی پێویستە باکاربهێنرێن، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ئەم توێژینەوەیەش چەند میتۆدێک بەکارهاتوون وەک میتۆدی (وەسفی- ئوسوڵی) (ئەبراش، ٢٠١٣: ٢٤٤).

٢-٣-کۆمەڵگەی توێژینەوە: بریتییە لەکۆی ئەو تاکانەی کە پەیوەندیان بە کێشەی توێژینەوەکەوە هەیە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی حکومییەکانی ناوەندی شاری کەلار کە ژمارەیان (٧٢٢٠) خوێندکارە. بڕوانە خشتەی (١).

خشتەی (١) کۆمەڵگەی توێژینەوە

ژ	ناوی خوێندنگە	ژمارەی خوێندکار		کۆ	ڕێژە بە %
		نێر	مێ		
.1	ئامادەی شەهید ئارام	٣١٢	٥٦٢	٨٧٤	١٢.١١
.2	ئامادەی ڕەوشتی کچان	٠	١٧٩	١٧٩	٢.٤٨
.3	ئامادەی شەهید بورهان	١٨٤	٢٦٥	٤٤٩	٦.٢٢
.4	ئامادەی ئامادەی جەمرین	١٤٣	٢٤٦	٣٨٩	٥.٣٩
.5	ئامادەی کوردستانی نوێ	٢٢٦	٣٩٧	٦٢٣	٨.٦٣
.6	ئامادەی چیای کچانی ئێواران	٠	١٥٩	١٥٩	٢.٢٠
.7	ئامادەی بەدرخانی ئێواران	١٢٢	٠	١٢٢	١.٦٩
.8	ئامادەی ئەحمەد موختاری ئێواران	١٤٠	٠	١٤٠	١.٩٤
.9	ئامادەی باکور	١٣٥	١٧٣	٣٠٨	٢.٢٧
.10	ئامادەی مصطفی رشید	١٩٢	٣٠٨	٥٠٠	٦.٩٣
.11	ئامادەی شەهید جەلال بێکەس	١٧٤	٣٣٦	٥١٠	٧.٠٦
.12	ئامادەی گەرمەسێر	٢٣	٤٣	٦٦	٠.٩١
.13	ئامادەی بەرزەسور	٢٠٤	٣٣٦	٥٤٠	٧.٤٨
.14	ئامادەی گۆران	٢٣٦	٢٧٤	٥١٠	٧.٠٦
.15	ئامادەی هاوکاری	٢١٤	٣٤٠	٥٥٤	٧.٦٧
.16	ئامادەی نیبراهیم ئەحمەد	٢٥٤	٤٥٢	٧٠٦	٩.٧٨
.17	ئامادەی شێروانە	١٥٢	١٨٠	٣٣٢	٤.٥٩٨
.18	ئامادەی مامۆستایانی تێکەڵ	١٠٠	١٥٩	٢٥٩	٣.٥٩
	کۆی گشتی	٢٨١١	٤٤٠٩	٧٢٢٠	

(*) (نموونەی هەڕەمەکی هێشوی - العینة العشوائیة العنقودیة): شێوازێکی نموونە گرتنە کە ڕەگەزی هەڵبژێردراو بریتییە لە کۆمەڵێک یان گرووپێک، کاتێک بەکاردێت ئەگەر قەبارەی کۆمەڵگای توێژینەوە گەورە بوو، پاشان توێژەر نموونەیەک بەشێوازێکی هەڕەمەکی هەڵدەبژێرێت و ئەندامانی گروپە هەڵبژێردراوەکە نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەنوێنن.

کاری توێژەر: بە پشت بەستن بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار. داتای بڵاونەکراوە. ٢٠٢٦/٥/١٨

٣-٣-نموونەی توێژینەوە: بریتییە لە گروپە تاکێک، هەمان خەسڵەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەیان هەیە بەمەرجێک بوار بۆ هەر تاکێک یان یەکەیەکی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەیەکسانی بڕەخسێت ، تا بێتە ئەندامێکی نمونەی توێژینەوەکە، بێ دەستتێوەردان و لایەنگیری و حەزی توێژەر، تەنیا ڕێگەی توێژەر بۆ ئەم پرۆسەیەیش بریتییە لە پارێزگاری کردنی لە بابەتی ڕاکێشانی نموونەکەی بە شێوازێکی زانستی و تەندروست (سمین،٢٠٢٣: ١٧٣).

لەم توێژینەوەیەدا (٣٦٠) فۆرم بەشێوەیەکی (هەڕەمەکی - العشوائي) دابەشکراوە بەسەر خوێندکارانی قۆناغی ئامادیە حکومییەکانی شاری کەلار بەڕێژەی (٤.٩١٩%) خوێندکار، بە بەکارهێنانی میتۆدی هەڕەمەکی هێشوی (العینة العشوائیة العنقودیة) . بڕوانە خشتەی (٢)

خشتەی (٢) نموونەی توێژینەوە

ژ	ناوی خوێندنگە	زانستی			وێژەی			کۆی گشتی	ڕێژەی %
		پۆلی دە	پۆلی یازدە	پۆلی دوازدە	پۆلی دە	پۆلی یازدە	پۆلی دوازدە		
.1	ئامادەیی مامۆستایان	١٣١	٧٦	٣٥	١٧	٠	٠	٢٥٩	٣.٥٣٩
.2	ئامادەیی بەردەسوری تێکەڵ	١٥٨	١٢١	١٢٦	١٨	٢٣	٢٢	٤٦٨	٦.٣٩٤
.3	ئامادەیی شەهید جلال بێکەس	١٤٤	١٢٢	١١٧	١٨	١٣	١٩	٤٣٣	٥.٩١٦
.4	ئامادەیی ئیبراهیم احمد	١٧٠	١٣٧	١٨٠	٥١	٣٤	٤٥	٦١٧	٨.٤٣٠
.5	ئامادەیی حەرین	١٠٨	٨٧	٧٤	٢١	١٩	١٦	٣٢٥	٤.٥٠١

کاری توێژەر: بە پشتبەستن بە ئاماری خوێندنگە وەرگیراوەکانی نمونەی توێژینەوە. داتای بڵاونەکراوە، ١٨-١٩/ ٢٠٢٦/٥

٤-٣-ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بەسود وەرگرتن لە گەڕان و بەدواداچوون بە سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشووتر و ئەو سەرچاوانەی نزیکن لە بابەتی توێژینەوەکە بۆ دەستکەوتنی زانیاری و دەستخستنی بەرچاوڕوونی لەسەر چۆنییەتی داڕشتنەوەی پرسیارەکان و دروستکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی سادە بۆ تێگەیشتنی خێرا لای بەشداربووان، دواتر دانانی پرسیارەکان لە دووتوێی (٢٣) پرسیار.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12595]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

چەمکی ڕاپرسی یەکێکە لە گرنگترین ئامرازاکانی توێژینەوەی زانستی، مەبەست لە ئەنجامدانی بڕیتییە لە کۆکردنەوەی داتا و ڕای تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە سەبارەت بە کێشە یان دیاردەیی توێژینەوەکە، لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ناو فۆرمەکەوە، لەلایەن بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەوە وەڵام دەدرێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارە پرسیارنامە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بواری توێژینەوەکاندا بەکاردەهێنرێت بە تایبەتەتی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ئامانجی دەستکەوتنی ڕاستیەکان (عمر،٢٠١١: ٢١٤).

٥-٣-ڕاستێتی ئامراز: بۆ دڵنیابوون لە گونجاوی وەرگرتنی شێوازی کۆتای ئامرازی توێژینەوە، پرسیارنامە بە سەر (٥) شارەزا و پسپۆڕ لە نزیک لە بابەتی توێژینەوەکە(پەروەردەی-ژینگەی) دابەشکرا، ئەنجامی پێوەرکە بەپێی شیکاری (Cooper) بڕیتییە لە (٩٠.٤٣٥٪) ئەمەش ڕاستی و دروستی ئامرازەکە دەگەیەنێت.

٦-٣-جێگیری ئامراز: بۆ بەدەستهێنانن جێگیری توێژینەوەکە شێوازی بەشکردنی نیوەی بەکارهێناوە، بڕگەکانی پێوەردەکە دابەشکراوە بۆ دوو نیوەی یەکسان بەشێوەی(تاک و جوت) پاشان ڕێژەی پەیوەندی نێوان هەردوو نیوەکە بە ڕێگەی (پێرسۆن) دەدۆزرێتەوە، لەدوای ئەوە ڕێژەی پەیوەندییەکە بە هاوکۆلکەی (سپیرمان براون)ڕاست دەکرێتەوە، بگوێرەی شیکردنەوەکە ڕیژەی جێگیری توێژینەوەکە بڕیتییە لە (٠.٨٢٩) ئەمەش ئاماژەییە بۆ ئەوەی پێوەرەکە پلەیەکی متمانە پێکراوی هەیە بۆ جێبەجێ کردن. بڕوانە خشتەی (٣)

خشتەی (٣) جێگیری ئامراز

ژ	س	ص	رس	رص	رس-رص	(رس-رص)2 ف2
.1	٤٨	٤٧	١٠	١١	١-	١
.2	٤٩	٤٦	٩	١٢	٣-	٩
.3	٥٥	٥٦	٢.٥	٢	٠.٥	٠.٢٥
.4	٥٠	٥٠	٧.٥	٦.٥	١	١
.5	٥٦	٥٤	١	٤	٣-	٩
.6	٥٣	٥٥	٤.٥	٣	١.٥	٢.٢٥
.7	٥٥	٥٧	٢.٥	١	١.٥	٢.٢٥
.8	٤٤	٤٥	١٤	١٣	١	١
.9	٤٦	٥٠	١٢	٦.٥	٥.٥	٣٠.٢٥
.10	٤٥	٤٨	١٣	٩	٤	١٦
.11	٤٧	٤٣	١١	١٤.٥	٣.٥-	١٢.٢٥
.12	٤١	٤٣	١٥	١٤.٥	٠.٥	٠.٢٥
.13	٥٠	٤٨	٧.٥	٩	١.٥-	٢.٢٥
.14	٥٢	٤٨	٦	٩	٣-	٩
.15	٥٣	٥١	٤.٥	٥	٠.٥-	٠.٢٥
			کۆ			٩٦

کاری توێژەر بە پشت بەستن بە ئامرازی ئاماری شێوازی بەشکردنی نیوەی و هەردوو هاوکێشەی ئاماری (پیرسۆن و سپیرمانبراون)

Cooper/ ژمارەی بڕگەی گونجاو= 104
ژمارەی بڕگەی گونجاو= 11
ڕێژەی گونجاوی= $\frac{\text{ژمارەی بڕگەی گونجاو}}{\text{ژمارەی بڕگەی گونجاو +ژمارەی بڕگەی نەگونجاو}} \times 100$
$= \frac{104}{115} \times 100 = 90.435$ (عطيبة، ٢٠١٠: ١٠٩)

$rank = 1 - \frac{6\sum D^2}{n(n^2-1)}$

$= 1 - \frac{6\times 96}{15(15^2-1)}$

$= 1 - \frac{576}{3360} = 1\text{-}0.171 = 0.829$

(البياتي،٢٠٠٨: ٨٩)

خشتەی ژمارە (٤) شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیار توێژینەوەکە

ژ.برگە	بڕگە	باڵە	پاڵنی	تاراددەیەک	نەخێر	ناوەندی شیاوی	کێشی سادە
٩	باشـــداری پێکردنی خوێندکار لە چارەســـەری کێشـــە ژینگەییەکاندا لەناو قوتابخانە، گرنگە بۆ دروست کردنی هۆشیاری ژینگەیی لای خوێندکار؟	١	٢٦٤	٩٦	٢٧	٢،٨٠	٩٣،٦١
٢٠	باشـــترین ڕێگا بۆ کەمکردنەوەی کێشـــە ژینگەییەکان، پەروەردەکردنی ئەکەکانە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بە ژینگە و کێشە ژینگەییەکان؟	٢	٢٩٣	٤٨	١٩	٢،٧٦	٩٢،٠٣
٢٣	ئەگەر دەســـاڵات و بەڕێوەبردە پێکهاتە کاربکەن لە پێناو ژینگەدا، لێکەوتەیەکی باڵای هۆشـــیاری ژینگەیی بەدەست دەهێنرێت؟	٣	٢٨٨	٥٢	٢٠	٢،٧٤	٩١،٤٨
١١	پێت وایە ساڕدانی پێشـبرکی لەســەر ئاسـتی قوتابخانە و بەڕێوەبردکان لە بابەتی ژینگە، یەکێکە لە ڕێگاکانی بەڕێوەبردکردنی خوێندکاران بۆ گرنگیدان بە ژینگە؟	٤	٢٣٦	٨٨	٣٣	٢،٥٤	٨٤،٩٠
٤	بە پێویستی دەزانیت بابەتی بەڕێوەبردی ژینگە وەک بابەتێکی سەربەخۆ بۆ پڕۆگرامەکانی خوێندن زیاد بکرێت، بۆ پێشخستنی هۆشیاری ژینگەیی؟	٥	٢٣٥	٦٢	٦٣	٢،٤٧	٨٠،٥٩
٢	چێگرکردنی بابەتی بەڕێوەبردی ژینگەیی لە قۆناغەکانی خوێندندا کاریگەری لەســەر هۆشـــیاری ژینگەیی لای خوێندکار دروستدەکات؟	٦	١٩٦	١١١	٥٣	٢،٣٩	٧٩،٩٠
٢٢	ئەوونی پاشی تۆکمە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە ڕێگرە لە بەردەم پڕۆســەی بەڕێوەبردی ژینگەیی؟	٧	٢٠٢	٨٧	٧١	٢،٣٦	٧٨،٧٩
٢١	گرنگی نەدان بە بابەتی بەڕێوەبردی ژینگەیی لە قوتابخانەکاندا کاریگەری لەســەر نەهۆشـیاری ژینگەیی لای خێزان و کۆمەڵگە دروستدەکات؟	٨	٢٠٥	٨٠	٧٥	٢،٣٦	٧٨،٧٠
١٥	گەشـــەکەی مامۆستایەکانی تایبەت بە ژینگە، هۆشـیاری خوێندکاران لە گرنگی پاراســتنی ژینگە زیاد دەکەن؟	٩	١٩١	٩٧	٧١	٢،٣٣	٧٧،٨٧
١٨	قوتابخانەکەت سزای داناوە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە پاریزگاری لە ژینگە و کەرەستەکانی قوتابخانە ناکەن؟	١٠	١٣٦	١٠٠	١٢٤	٢،٠٣	٦٧،٧٧
٣	ئاستی خوێندەواری باوەڕمەندیی بە هۆشیاری ژینگەییەوە هەیە؟	١١	١٣٦	١٠٠	١٢٦	٢	٦٧،٤
٨	زانیاری ئەوانەت لەسەر بابەتی بەڕێوەبردی ژینگەیی هەیە؟	١٢	٧٨	٢١٥	٥٨	2.00	٦٦،٨٥
٦	پڕۆگرامە بەڕێوەبردەیەکانی قوتابخانە گونجاون بۆ ئەوەی زانیاری ژینگەیی ئەوان بە خوێندکار بیەخشن؟	١٣	٩٠	١٦١	١٠٩	1.94	٦٤،٩٠
7	خوێندکاران ئاگادار دەکرێنەوە لە مانگرسی کێشە ژینگەییەکان لە ڕێگەی بابەتە بەڕێوەبردەیەکانەوە؟	١٤	٩٥	١٤٣	١٢٢	1.92	٦٤،١٦
٥	لە شـــێوازی وانە وتەوەی بابەتە بەڕێوەبردەیەکان قوتابخانەکەتدا، گرنگی بە بابەتی بەڕێوەبردی ژینگەیی دەدرێت؟	١٥	٦٤	١٦٩	١٢٧	1.82	٦٠،٨٣
١٧	قوتابخانەکەت یادداشتی ئەو خوێندکارانە دەکات کە باشداری دەکەن لە چالاکییە ژینگەییەکان؟	١٦	٨٨	١٠٦	١٦٦	1.78	٥٩،٤٤
١	حکومەت و وەزارەتی بەڕێوەبردکاری هاندان کردووە بۆ جێگیرکردنی بابەتی بەڕێوەبردی ژینگەیی لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا؟	١٧	٤٢	١٦٢	١٥٦	١،٦٨	٥٦،١١
١٩	دەستەی کارگێڕی قوتابخانەکەت کاردەکات بۆ هۆشیارکردنەوەی بەخێوکەر(خێزان)ی خوێندکار لەبڕووی ژینگەییەوە؟	١٨	٦٣	٩٥	٢٠٢	١،٦١	٥٣،٧٩
١٦	دەستەی کارگێڕی قوتابخانە داوا لە خوێندکاران دەکات بۆ باشداریکردن لە چالاکیە ژینگەییەکاندا، وەک ئەنجامدانی سێمینار و ئۆرکشۆپی و کاری خۆبەخشی تایبەت بە ژینگە؟	١٩	٥١	٨٦	٢٢٣	١،٥٢	٥٠،٧٤
١٣	دەستەی کارگێڕی قوتابخانە باشـداری بە خوێندکاران دەکات لە چالاکیە کاردانیە ژینگەییەکاندا، وەک چالاکی ئەنجام چاندن و پاککردنەوەی ژینگەیی قوتابخانە؟	٢٠	٤٠	٩٧	٢٢٣	١،٤٩	٤٩،٧٢
١٢	ئایا ئەگەیکی پەروەردەی پێشـکەوتوو بەکارهێنانی بۆ ڕاگەیشـتنی سـەرچاوەی خوێندکار لە بابەتی ژینگە و کێشە ژینگەییەکان؟	٢١	٢٦	٨٨	٢٤٦	١،٣٨	٤٦،٢٩
١٠	دەستەی کارگێڕی قوتابخانە ئاهەنگ بۆ بۆنەئایینەکانی ژینگە وەک ڕۆژی زندەبەڕێت؟	٢٢	٢٦	٣٨	٢٩٦	١،٢٥	٤١،٦٦
١٤	قوتابخانەکەت گەشتی مامەڵانی ڕێکدەخات بۆ گەڕان و پارەپێدانی توانا ژینگەییەکانی خوێندکار؟	٢٣	١٧	٥٢	٢٩١	١،٢٤	٤١،٢٩

کاری توێژەر بە پشت بەستن ئەنجامەکانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیار توێژینەوەکە و هەردوو ئامرازی ئاماری ناوەندی شیاوی و کێشی سادەی

لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت کە فۆرمی ڕاپرسی سێ پلەی بەدەستهێناوە ئەوانیش پلەکانی (بەڵێ، تارادەیەک، نەخێر)، ڕوونکراوەتەوە کە هەریەک لە برگەکانی (٩، ٢٠، ٢٣) لە ئاستێکی بەهێزدان و پلەی باڵایان بەدەستهیناوە، برگەکانی(١١،٤) پلەی زۆرباش بەدەستهیناوە، برگەکانی (٢، ٢٢، ٢١، ١٥) پلەی باشیان بەدەستهیناوە، بە پێی ناوەندی شیاوی و کێشی سادەی، کە کاردەکاتە سەر ڕۆڵی پەروەردەی ژینگە لە پەرەپێدانی هۆشیارکردنەوەی تاکەکان بەتایبەتی خوێندکاری خوێندنگە ئامادەییەکان، ناوەندی شیاویەکەیان لە (٢) بەرەو سەروەیە، لە هەمان کاتدا برگەکانی ژمارە (٣، ٨، ٦، ٧، ٥، ١٧، ١، ١٩، ١٦) ئاستی ناوەندیان وەرگرتووە، واتە بە پلەی دووەم لە ڕۆڵی پەروەردەی ژینگە لە ڕەفتاری تاك، هەروەها برگەکانی ژمارە (١٣، ١٢، ١٠، ١٤) بە پلّی سییەم دێن چونکە ئاستی لاوازیان وەرگرتووە کەمتر لە ئاستەکانی پێشوو کاردەکاتە سەر ڕۆڵی پەروەردەی ژینگە لە ناوچەی توێژینەوە.

دەرئەنجام:

پرسی ژینگە و پاراستنی بووەتە یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی پڕۆسەی گەشەپێدانی مرۆیی لە مرۆڤدا. بۆیە پەروەردەی ژینگەی تیشک دەخاتە سەر گرنگی هۆشیاری ژینگەیی و بڵاوکردنەوەی کولتوری ژینگەیی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگەدا، لەپێناو گەیشتن بەم بنەمایە و لە چوارچێوەی بەدواداچونەکان لەم توێژینەوەیەدا، توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجامێک گەیشت، وەک:

١- خســـتنەڕووی پەروەردەی ژینگەیی لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ گەیشـــتن بە ئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەیی، و چاندنی هەســـتی بەرپرســـیارێتی تیاندا بەرامبەر بە ژینگەکەیان و تێکەڵکردنی چالاکییە ژینگەییەکان لە پڕۆگرامی خوێندندا بۆ جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ژینگەیی.بە پێی ئەنجامی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکەیش وەک لە برگەی نوێەمدا دەرکەوتووە ڕێژەی (٩٣،٦١%) بەشـــداربووان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی بەشـــداری پێکردنی خوێندکار لە چارەســـەری کێشـــە ژینگەییەکاندا لەناو قوتابخانە، گرنگە بۆ دروست کردنی هۆشیاری ژینگەیی لای خوێندکار. بەڵام سەبارەت بە جێگیرکردنی پڕۆگرامی پەروەردەی ژینـــگەی وەک پڕۆگرامێـــکی ســـەربەخۆ لە نـــاو پڕۆگرامەکانی خوێند پلە پێنجەم و شـــەشـــەمی بەدەســـت هێناوە بەڕێژەی (٨٠.٥٩%)(٧٩.٩٠%).

٢- هۆشیاری ژینگەیی پێویستە بۆ بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی ڕەفتاری ئەرێنی مرۆڤ بەرامبەر بە ژینگە. بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکەیش لە بـڕگەی بـیســـتەم کە پـلەی دووەمـی بەدەســـتـهـێـنـاوە بەڕێـژەی(٩٢.٠٣%) دەردەکەوێـت بەشـــداربـووون هـاوڕان لەســەرئەوەی باشترین ڕێگا بۆ کەمکردنەوەی کێشـە ژینگەییەکان، پەروەردەکردنی تـاکەکـانـە هەر لە تەمەنی منـدالـییەوە بە ژینگە و کێشە ژینگەییەکان.

٣-دامەزراوە پەروەردەییەکـان بە یەکێـک لە گرنـگترین ئەو دامەزراوانە دادەنرێت کە کۆمەڵگە ئەرکی پەروەردەکردنی نەوەکان و چاندنی بەها و هەڵوێست و ڕەفتاری بنیاتنەرانەی پێ سپێردراوە، ئەمە جگە لەوەی زانیاری و لێهاتوویـیان بۆ دابین دەکـات. بەپێی ئەنجـامی توێژینەوەکەیش لە برگەی ســـێیەم دەرکەتووە ڕێژەی (٩١.٤٨%) بەشـداربووان هاوڕان لەسـەر ئەوەی ئەگەر دەسـەڵات و پەروەردە پێکەوە کاربکەن لە پێناو ژینگەدا، لێکەوتەیەکی باڵای هۆشیاری ژینگەیی بەدەست دەهێنرێت. لە هەمان کاتدا ئەوبڕگانەی کەتایبەتن بە ئەنجامدانی چالاکیە ژینگەییەکان لەیەن خوێندنگەوە وەک لە برگەکانی (١٤،١٠،١٢،١٣) دەرکەوتووە، ئەنجامەکانیان ئاستی لاوازی بەرکەوتووە.

٤- پڕۆگرامەکـانی خوێنـدن لە پەروەردەی ژینگەیـدا، کۆمەڵێـک ڕێباز و میتۆدن پەیڕەو دەکرێن بۆ گەیشـتن بەو ئامانجانەی کە بۆی بنیاتنراوە، بۆیە چەندین شێوازی پڕۆگرامی جیاوازی بۆ گەیشتن بە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12595]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

بنەمایی پەروەردەی ژینگەی سەریان هەڵداوە وەک شێوازی خوێندنی: (پرۆگرامی سەربەخۆ ، پرۆگرامی تێکەڵکردن)، ئەگەرچی لە سیستمی خوێندنی ناوچەی تۆژینەوە هیچ پرۆگرامێکی ژینگەیی سەربەخۆ نییە کە تایبەت بێت بەم بوارە، بەڵام بە شێوەیەکی تێکەڵاو لە دووتوێی پرۆگرامەکانی خوێندندا گرنگی پێدەدرێت.

٥- پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەیەکی لۆژیکی یەک بخرێن بۆ خزمەتی پەروەردەی ژینگەی، بە شێوەیەک لەگەڵ قۆناغەکانی خوێندنی فێرخوازدا بگونجێت، بۆئەوەی بگەین بە ئەنجام لە پەروەردەکردن و هۆشیارکرنەوەیی نەوەکانی داهاتوو. هەروەها ئەنجامدانی چاکاکی و گەشتەمەیدانییەکان تایبەت بەژینگە کە گرۆتین بە فێرخوازان دەبەخشن و هەستی ژینگە پارێزی پەرەپێدەن، وەک لە بڕگری یازدە و پازدەدا دەرکەوتووە، بەشداربووان بەڕێژەی(٨٤.٩٠%) (٧٧،٨٧%)هاوڕن لەسەر ئەوەی چالاکییە ژینگەییەکان کاریگەری ئەرێنیان لەسەر خوێندکاران دەبێت.

سەرچاوە

- **بەزمانی کوردی**

➢ **کتێب:**

١-ربیع، عادل مشعان (٢٠١٤) هۆشیاری ژینگەی، و: ئەحمەد علی ئەحمەد، چ١، چاپخانەی کەمال، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

٢-شارعپور، مەحمود(٢٠٢٣) کۆمەڵناسی پەروەردە،و:سوارە صباح، چ ١، چاپخانەی فێربوون، هەولێر.

٢-فتاح، نیاز محەمەد (٢٠١٩) لە پێناو تەندروستی نەوەکاندا، بێ ژمارەی چاپ،چاپخانەی کارۆ.

٣-قارەمان، لیلا محمد (١٩٩٩) خاکی هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، چ ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر.

٤- شاکەلی، مقداد (٢٠١١) شاری کەلار تۆژینەوەیەک لە جوگرافیای شار، چ ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٥-ناصر، ئیبراهیم (٢٠١٣) زانستی کۆمەڵناسی پەروەردە، و: دانا نادر محەمەد، چ ١، چاپخانەی چوارچرا.

٦-وەلەد بەگی، ئەکبەر (٢٠٠٩) زانستی کۆمەڵناسی بۆ ژیان، و: خالد حسین پێنجوێنی، چ ١، چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی.

٧-ئەبراش، ئیبراهیم (٢٠١٣) میتۆدەکانی تۆژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، وەرگێڕانی؛ نەوزاد ئەبوزێد، چ ١، کتێبخانەی ڕۆژهەڵا، هەولێر.

٨-ئەلحەسەن، ئیخسان محەمەد (٢٠١٢) ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و:دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

➢ **گۆڤار:**

١-احمد، کریم، ئامانج فواد - محمد مهدی (٢٠١٩) هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەی لە شاری کلار، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٥)، کەلار.

➢ **تێزی دکتۆرا و ماستەرنامە:**

١-سلێمان، صباح علی (٢٠٢١) کەلار (١٩٢٧ - ١٩٥٧) تۆژینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و کارگێڕی و ڕۆشنبیری، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،زانکۆی صەڵاحەدین، هەولێر.

٢-سمین، سرحد محمد (٢٠٢٣)، ڕۆڵی پرۆگرامەکانی خوێندن لە گەشەپێدانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، بەشی کۆمەڵناسی.

٣-صالح، شیلان عبدالله (٢٠١٩) ڕەوشی پەروەردەی ژینگەی لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

➢ **بەڕێوەبەرایەتییەکان:**

١-بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، یەکەی کەشناسی، داتای بڵاونەکراوە،٢٠٢٦.

٢- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، هۆبەی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٦ .

➢ **چاوپێکەوتن:**

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا مصطفی سعید علی، بەڕێوەبەر لە قوتابخانەی ڕۆشنبیری ئێواران، ١٥/ ٥/ ٢٠٢٦.

- **بەزمانی عەرەبی**

➢ **کتاب:**

١-البیاتي، عبدالجبار توفیق(2008) الاحصاء و تطبیقاته في العلوم التربویة و النفسیة، دار اثراء للنشر و التوزیع، عمان-الاردن

٢-الحسن، احسان محمد ، موسوعة علم الاجتماع، ط ١، النشر الدار العربیة للموسوعات، بیروت، ١٩٩٩،ص١٤٠.

٣-الحلو، عبدالکاظم علي (٢٠٢١) دراسات في المناخ الطبیعي، ط ١، المطبعة شرکة المارد-النجف الاشرف، النجف.

٤-حمدان ،جمال (١٩٧٧) جغرافیةالمدن، ط ٢، عالم الکتب، القاهرة.

٥-خصباک، شاکر (١٩٧٣) العراق الشمالي دراسة لنواحیة الطبیعة والبشریة، ط ١، مطبعة شفیق.

٦-الخفاف،ایمان عباس (٢٠١٣) التعلم البیئي في ریاض الاطفال، ط ٢، دار المناهج للنشر والتوزیع،عمان.

٧-خنفر، خنفر، أسما راضي، عاید راضي (٢٠١٦) التربیة البئیة والوعي البیئي، ط ١ ، دار المناهج للنشر والتوزیع، عمان.

٨-السعدي، عباس فاضل (١٩٧٦) مخافظة بغداد دراسةفي جغرافية السكان، ط ١، مطبعة الازهر، بغداد.
٩-سيمونز، ايان ج. (١٩٩٧) البيئة والانسان عبر العصور، ترجمة: السيد محمد عثمان، عالم المعرفة، العدد (٢٢٢)، الكويت.
١٠-الشلش، علي حسين (١٩٥٨) خغرافية التربة، ط ٢، مطبة جامعة البصرة، البصرة.
١١-الشواورة، علي سالم (٢٠١٢) جغرافية المدن، ط ١، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
١٢- عطية، محسن علي (2010)، البحث العلمي في التربية مناهجه، أدواته وسائله الإحصائية،دار المناهج للنشر والتوزيع،عمان ، الاردن.
١٣-عطوي، عبدالله (٢٠٠١) جغرافيةالسكان، ط ١، المطبعة والنشر دار النهضةالعربية، لبنان: بيروت.
١٤-العمارى، الصديق صادق (٢٠١٥) التربية والتنمية وتحديات المستقبل، ط ٢، مطبعة: أفريقا الشرق الدار البيضاء، الملكة المغربية.
١٥-عمر، مضر خليل (٢٠١١) دليل الدراسة الميدانية في الجغرافيا، بدون تاريخ طبع، المطبعة المركزية جامعة ديالى، العراق.
١٦-بەقرمان، عبد الفتاح عبدر (٢٠١٨) الصحة والبيئة،ط ١، منشورات جامعة الإسراء، فلسطين.
١٧-هوكسورث، مارى (٢٠١٧) الجامعة باعتبارها عالما من المجتمعات، كتاب التنوع والمجتمع (قراءة في العلوم البينية)، تحرير: فيليب ألبرسون، ط ١، المركز القومى للترجمة، القاهرة.
١٨-الهيتي، محمد، صبري فارس - د.خليل اسماعيل (١٩٨٩) جغرافية الاسطيان الريفي، ط ١، بغداد.

➢ **أطروحةورسالةماجستير:**

١-أسماء، مطوري (٢٠١٥/٢٠١٦) مؤسسات التنشئة الاجتماعيةودورها في تنمية قيم التربية البيئية، أطروحة دكتوراه، جامعة محمد خضير بسكرة، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، قسم العلوم الاجتماعية، جزائر.

٢-عكيلة، عزالدين زكى (٢٠١٣) أثر مستوى المعيشةعلى الخدمات الصحية والتعليمية في محافظات غزة، رسالة ماجستير، كلية الاداب، قسم الجغرافيا، فلسطين: غزة.

➢ **المجلة:**

١-جاسم، زينب ستار (٢٠٢٢) دورالخدمة الاجتماعية في الوعي البيئي، المجلة كلية الآداب، آ- جامعة اسيوط.

٢-سمهان، كريمة، د. بن لعلام د. بنان (٢٠٢٢) التربية البيئة والإنسان، مقاربة نظرية شاملة حول جدلية العلاقة والتأثير،جامعة الجزائر، مجلة العلوم الإنسانية والطبيعية (٣) العدد (٦) ،ص ١١٨-١٣٢، ٢٠٢٢.

٣-الغبير، القاسمية، هدى محمد عبدالله،عايدة بطي راشد ع(٢٠١٨) دور المؤسسة التعليمية في تنمية مفهوم التربيةالبيئية لدى طلبةمدارس الصفوف ٥-١٠ للتعلم الأساسي في سلطنةعمان، المجلة كلية التربية- جامعة بغداد، مجلة الدراسات المستدامة،السنة الرابعة ،المجلد الرابع، العدد الثاني/ملحق (١).

الملخص

تهدف هذه الدراسة إلى بيان دور التربية البيئية في المدارس الثانوية بمدينة كلار وأثرها في تغيير السلوك البيئي وبناء الوعي البيئي لدى الطلاب، فضلا عن تحديد مستوى المعرفة البيئية وتشخيص القصور في نظام التربية البيئية في مدارس المدينة. ولتحقيق أهداف البحث، تم الاعتماد على المنهجين (الوصفي وتحليلي)؛ حيث تم في البداية جمع البيانات من المصادر الرسمية والمنظمات واستمارة الاستبيان، ثم عرض النتائج في شكل جداول متنوعة. كما تم الحصول على البيانات المكانية للظواهر عن طريق برنامج (Google Earth Pro)، وإعادة تنظيمها وعرضها في شكل خرائط باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (GIS). وبناء على أهدافه، ينقسم البحث إلى ثلاثة محاور رئيسية: الأول: المحور يتناول الإطار العام للبحث، والذي يشمل المشكلة، الأهمية، الأهداف، الحدود، والمفاهيم. المحور الثاني: يخصص لتعريف منطقة الدراسة، والمسار التاريخي للنظام التعليمي، ودور التعليم في تنمية الوعي البيئي في مدارس مدينة كلار. المحور الثالث: يدرس تأثير التربية البيئية في المدارس على تغيير السلوك وإيجاد الوعي البيئي لدى الأطفال والشباب في مدينة كلار. وفي الختام، توصلت الدراسة إلى مجموعة من النتائج، منها ضعف الوعي البيئي لدى الأطفال والشباب في المدينة. وبناء على ذلك، قدمنا توصية بالاهتمام بالأساليب الفعالة في التربية البيئية بمدارس مدينة كلار لرفع مستوى الوعي البيئي لدى أطفال وشباب المنطقة.

الكلمات المفتاحية: دور، تعليم، تعليم بيئي، وعي، بيئة.

Abstract

This study aims to highlight the role of environmental education in High schools in the city of Kalar and its impact on changing environmental behavior and fostering environmental awareness among students. Additionally, it seeks to assess the level of environmental knowledge and identify the shortcomings of the environmental education system in the city's schools .To achieve the research objectives, descriptive and Analaytical approaches

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12595]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

were employed. Initially, data were collected through official sources, organizations, and survey questionnaires, with the results subsequently presented in various tables. Spatial data regarding the phenomena were acquired using Google Earth Pro, which were then processed and displayed as maps using Geographic Information Systems (GIS).Based on its objectives, the research is: divided into three main sections: Section One**:** Covers the general framework of the research, discussing the problem statement, significance, objectives, scope, and key concepts. Section Two**:** Focuses on introducing the study area, the historical trajectory of the educational system, and the role of education in developing environmental awareness in Kalar's schools. Section Three**:** Examines the impact of environmental education in schools on behavioral change and the creation of environmental awareness among children and youth in Kalar . Finally, the study reached several conclusions, most notably indicating a low level of environmental awareness among the city's children and youth. Consequently, it is recommended to focus on effective methods within environmental education in Kalar's schools to enhance environmental awareness among the region's young population.

Keywords: Role, Education ,Environmental Education, Awareness, Environment.